# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینەوەی مێژوو:
# بیر و بەرنامە بۆ کورد و کوردستان

نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی لە
دەرەوەی وڵات 1984-1998

## (8) پەیڤ و پەیامی وشەی کوردی رەسەن و جەنگاوەرو پێشکەوتنخواز

سەر وتاری یەکەم ژمارەی گۆڤاری پەیڤ، مارتی 1986

(1)

پەیڤ واتە: وشە، قسە، ئاخاوتن.

قسەو ئاخاوتنیش واتە: زمان، بیر، ئەندێشە.

بەبێ زمان هەلو مەرجی بوونی ( بیر) دابین نابێ.

هەر گەلە خاوەن زمان بێ، خاوەن بیرە، خاوەن فەلسەفەو و شارستانێتی و کەلتوورو هەڵوێست و داب و نەرێتی کۆمەڵایەتی جۆراو جۆرە.

پەیڤ- زمان- بیر: سەرەتاگە و نیشانەی جیاکردنەوەی مرۆڤە لە ئاژەڵ... بەڵگەی پێگەیشتنی مرۆڤایەتی مرۆڤە لە ئەنجامی خەباتێکی سەخت و دژوارو دوورو درێژدا لەگەڵ سروشت و دەوروبەردا.

پەیڤ- زمان- بیر: بانگەوازی لە دایك بوونی مرۆڤی هۆشمەندە، مرۆڤی دنیادیدە، مرۆڤی کۆمەڵایەتی، مرۆڤی خاوەن تاقیکراوە و ئەزموونی بێ ژوومار.

ئەو وشەو قسە سادانەی بە ئاسانی دێنە سەر زمانمان و لە ژیانی رۆژانەماندا کەڵکیان لێ وەردەگرین، هەروا بە سانایی لە دایك نەبوون و لە خۆڕا شێوەو ناواخنیان وەرنەگرتووە.

ئەوانە ئاکامی کاری درێژخایەن و ڕەنجی بێ پایان و زنجیرەیەکی نەپساوی هەوڵ و تەقەلاو سەرکەوتن و نووچ دان و نوشستی و شکستی و زیان و قازانج و کەوتن و هەستانەوەن.

با سەرنجێ بدەین و تێبفکرین و لێکی بدەینەوە، پەیڤی وەکوو: چەکووش، پاچ، داس، خاکەنازو... هتد چۆن درووست بوون و بوونە ناوی باوو، بە کۆمەڵ بڕیار دراوی، ئەو کەرەسە و ئامرازانەی ئەو ناوانەیان لێ نراوە.
هەریەکێ لەو ناوانە خەستکردنەوە و دەربڕینێکی دەنگیی نیشانەیی ئەبستراکتی تاقیکردنەوەیەکی دوورو درێژو دەوڵەمەندی مرۆڤە لە خەبات و ڕەنجی بێ ووچانیدا بۆ زاڵ بوون بەسەر سرووشتدا و بەرهەمهێنانی پێویستییەکانی ژیان و مانەوەو پێشکەوتنی.
بەر لەوە ئەو کەرەسانە ناو بنرێن، دەبوو دابهێندرێن.... بەر لەوەی دابهێنرێن پێویست بوو مرۆڤ نەخشەی داهێنان و دروست کردنیانی گەڵاڵە کردبێ، بەر لەوەی ئەو نەخشانە گەڵاڵە بکا، دەبووایە خاوەنی ئەزموونێکی پراتیکی چڕو بەردەوام و پێشکەوتووبێ، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی.
سەرەتاو و کۆتایی ئەم ڕێڕۆیەش: پێویستی دابین کردنی هەلو مەرج و کەرەسەکانی ژیان و مانەوەی مرۆڤە.
بەکورتی: پەیڤ- زمان- بیر بەری هیچ درەختێکی ئایدیاڵی نییەو لە چاوگەی هیچ مێشکێکی سەرووی سرووشت و مێژووەوە هەڵ ناقوڵێ. بەڵکو بەرهەمی مێژوویی راستەقینەی مرۆڤە: مێژووی ڕەنج و خەباتی ڕۆژانە بۆ مانەوەو بەدەست هێنانی بژێوی و دامەزراندنی ژیانی ژیاریی.
لێرەوە: زمانی هەر گەلێکیش، ئینسکلۆپیدیای ئەو گەلەیە... هیچ گەلێکی خاوەن زمان نییە خاوەنی مێژووی کۆمەڵایەتی و بیرو فەلسەفەو کەلتوورو شارستانێتی تایبەتی خۆی نەبێ.
وشە: سەرەتای شارستانێتی ییە، بەرهەم و دەربڕین و ئەبستراکتی ڕیرۆی شارستانێتی- یە

(2)
گەرچی مێژووی مرۆڤ بە پێی یاسایەکی ماددی گشتی بەڕێوە دەچێ هەر گەلە تایبەتێتی مێژوویی خۆی هەیە. ئەو تایبەتێتییەش بە پلەی یەکەم- جۆگرافیا و دەوروبەری سروشتی درووستی دەکا.
بۆیە هەوێتی نەتەوەیی بە پلەی یەکەم لە زماندا ( وەك چوارچێوەی تاقیکردنەوەی ڕوژانەی مرۆڤ و ئەو کەسێتییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی- یەی لە سەرجەمی ئەو تاقیکردنەوانەوە دێتە کایەوە) خۆی دەنوێنێ.
هەر بۆیەشە زمان دەبێتە ئامرازو ئاوێنەو هاوڕازی سایکۆلۆژیەتی نەتەوەیی هەر گەلێك....
سایکۆلۆژییەتی نەتەوەییش دەربرینێکی کۆمەڵایەتی و دنیایی کەسێتی مێژوویی و ڕوحی هەر گەلێکە.

دواییش- نەك لە كۆتایی دا- پەیڤ- زمان- بیر: هۆو ئامرازی كۆمەڵایەتی ئاڵوگۆری بیرورا و هەست و هەڵوێست و رازو نیازو خەم و خواستی مرۆڤە.
چەكێكی كاریگەرە لە مەیدانی بەربەرەكانی ئایدۆلۆژی و سیاسی و خەباتی چینایەتی و كۆمەڵایەتییدا، چ لە ئاستی تاكە كۆمەڵێكی تایبەتیدا بێ، یان لە ئاستی جیهاندا بە گشتی.

(3)

كە وایە پەیڤ- زمان- بیر كلیلی دەروازەی ژیانی شارستانێتی و كۆمەڵایەتی و سیاسیی مرۆڤایەتییە بە گشتی و هی هەر گەلێك بە تایبەتی.
مەبەست لەم نیازانەی سەرەوەش ئەوەیە بڵێین، لە دایك بوونی پەیڤ- ی گۆڤاریش كۆمەڵە ئاواتێكی هەڵگرتووە كە جەوهەری پەیامی مێژوویی پەیڤ- ی كوردیی دەردەبڕن، ئاواتمانە:
1) پەیڤ ببێتە پیشانگای درەوشانەوەی ( پەیڤ- زمان- بیر) ی كوردیی.
2) لە رێگای وشەو بیرو باس و بابەت و ناوەرۆكەكانییەوە، پەیڤ مێژوو- و شارستانێتی كۆن و كەلتووری بەردەوام و ئەدەبیی رەسەن و هەوێتی تایبەتی و سایكۆلۆژییەتی نەتەوەیی گەلی كورد دەردەبڕێ.
3) هەروا پەیڤ دلسۆز بێ بۆ داب و دەستووری لە مێژینەو بەردەوام و پیرۆزی وشەی كوردیی جەنگاوەر. دیفاعكارێكی جەربەزە بێ لە مافی ژیان و كەرامەت و ئازادی مرۆڤ.
خەباتكارێكی سەرسەخت بێ دژی ئیمپریالیزم و فاشیزم و هەموو شێوەیەكی چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی و رەگەز پەرستانە.
4) وشەی كوردی بكاتە بەشێكی گرنگی رێرۆ- و مەیدانی خەباتی درێژخایەنی گەلە كۆڵنەدەرەكەمان دژی كۆلۆنیالیستە داگیركەرەكانی كوردستان و هێزەكانی ئیمپریالیستی پاڵپشتیان: ناتۆو ئیمپریالیزمی ئەمریكی.
5) هەستی ئینتەر ناسیۆنالی و دۆستایەتی و هاودەنگی گەلەكەمان لەگەڵ هەموو كۆمەڵانی رەنجدەر و چەوساوەو گەلانی زۆرلێكراوی جیهاندا بەهێز بكاو لە كێشانی نەخشەی خەباتی یەكگرتووی مرۆڤایەتی دژی ئیمپریالیزمی نوێ بەشداری بكا.
6) دابی رەسەنی ئەدەبی كوردیمان بەردەوام بكا و پەرەی پێ بداو پەیڤی كوردی بكاتە گۆرانییەكی بەسۆز بۆ نواندنی نەمریی و بەرزێتی شەهیدی كورد... بۆ پشتگیری و پیرۆزیی پێشمەرگەی كورد... بیكاتە بانگەوازێكی دڵسۆزانەو تێروانینێكی ستراتیژی زیرەكانەو زانستانە بۆ پێك هێنانی بەرەیەكی خەباتگێڕانەی یەكگرتو لە كوردستاندا كە ببێتە هاوپەیمان و

هاوخەباتێکی نێوەندی و ستراتیژی هەموو هێزە نیشتمانپەروەرو دیمۆکراتی و پێشکەوتنخوازەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەندو، لە ئاستی جیهانیدا.
7) ببێتە مەیدانی رەخنەگرتنی زانستانەو دڵسۆزانەو لێپرسراوانە، بۆ پێدا چوونەوەی مێژووی نزیکی پڕ کارەسات و ئازاری گەلەکەمان، بۆ راست کردنەوەی هەڵەکانمان، بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو هەست و هەڵوێست و بۆچوونی جیاواز بە مەبەستی بەدیهێنانی یەکێتی ئامانج و یەکێتی رێباز و یەکێتی رێبازو یەکێتی خەبات لە نێوان هێزەکانی کوردستانیدا... بۆ پێشخستن و پتەوکردنی بنچینەکانی بۆ چوون و لێکۆڵینەوەی زانستی دەربارەی هەموو لایەنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژیاریی مێژوویی خەباتی گەلەکەمان.

(4)

ئەمانە ئاواتن...
بەدیهاتنیان بەدەست رووناکبیران و نووسەران و خوێندەواران و رۆڵانی دڵسۆزی کوردە.
دیارە لە نێوان ئاوات و بەدی هێنانی ئاواتیشدا رێگایەکی سەخت و هەورازێکی دژوار هەیە.
چەند ئاسانە ئەو رستانە بنووسین کە بە دەبێ دەست پێدەکەن. چەند گرانە ئەو دەبێ یانە بکەینە ( بوو):- واتە بیانکەینە کارو بە ئەنجامیان بگەیەنین.
لە پێش هەموو شتێکدا:- ئایا ئەو هەلومەرجە ماددی و بابەتییانە لە ئارادان کە سەرکەوتنی گۆڤارێکی وەك پەیڤ زامن دەکەن!؟
ئەم گۆڤارە لە رووی ماددییەوە لە سفرەوە دەست پێ دەکات و هیچ دەستمایەو پاڵپشتێکی ماددی نییە.
لە رووی کادیرەوە دەستەی نووسەرانێکی تایبەتی نییە کە بۆ نووسین و دەرچوونی زامن بکا.
لە هەردوو رووەوە پشت بە دڵسۆزان و رووناکبیرانی کورد دەبەستێ و تکایان لێ دەکا:- چ جۆرە بیرورا و پێشنیاز و بۆچوونێکتان هەیە پێمانی رابگەیەنن، چ جۆرە یارمەتییەکتان لە دەست دێ، درێغی مەکەن. پەیڤ موڵکی هەموو رووناکبیرێکی کوردو هەموو کوردێکی دڵسۆزە

(5)

بۆیە ئەم ژمارە یەکەمەی پەیڤ تەنیا بە ژمارەی تاقیکردنەوە دەژمێرین، چ لەرووی شێوەوە و چ لە رووی ناوەرۆکەوە.

پەیڤ:- کۆمەڵێ ئاواتی گەورەو رووناك و رەوای هەڵگرتووە.
گەر دڵسۆزانی کوردو رووناکبیران دەیانەوێ پێ بگرێ و بەردەوام بێ، ئەوا با پشتگیری بکەن و بەهەر جۆرێك دەخوازن کۆمەکی بکەن و پەروەردەی بکەن.
دیارە گۆڤارو رۆژنامەی جۆراو جۆری دیش لە ئەورووپادا دەردەچن... دیارە کارێکی پەسەندە چارەسەرییەك- هەر نەبێ- بۆ پەرت و بڵاوی گۆڤارە روشنبیرییەکان دابنرێ و هەوڵ بدرێ رەنج و توانست و ئیمکانیاتیان بکرێن بە یەك و گۆڤارێکی روشنبیری نێوەندی مانگانەی ناوەرۆك دەوڵەمەند لە یەکێ لە وڵاتەکانی ئەورووپادا- بە شێوەیەکی- رێکو پێك دەربچێ... با ئەمەش پێشنیازێك بێ و نووسەران و رووناکبیرانی کورد لێی بدوێن بە هیوای ئەوەی بە ئەنجامی بگەیەنن...

(6)

بەڵام پێویستی لە دایکبوونی پەیڤ لەوەدایە کە دەنگی مەڵبەندی رۆشنبیری کوردییە لە لەندەن و کەسێتی مەعنەوی ئەو مەڵبەندە دەردەبڕێ. تاقیکردنەوەی مەڵبەندی روشنبیری کوردی لە لەندەن، لەگەڵ هەموو کەمو کورتییەکانیشدا، تاقیکردنەوەیەکی گرنگ و بایەخدارە.. بوونی مەڵبەندیکی دیموکراتی دەستووریی خاوەن ئامانجی دیاریکراوو.. کە لە رێگای هەڵبژاردنی دیموکراتییانەو هاوکاری دڵسۆزانەوە، هەموو لایەنەکانی جەماوەری کورد( بێ گوێدانە جیاوازی حیزبایەتی و بیروری سیاسیان) کۆ بکاتەوە، سەرەتایەکی گرنگ و ئەرکێکی مێژوویی یە پێویستە بایەخی پێ بدرێ و پاڵپشتی بکرێ.
گرنگی مەڵبەندی رۆسنبیری کوردی لەوەشدایە کە رێکخراوێکی کوردستانییەو تاکە رێکخراوێکی رۆشنبیریی کۆمەڵایەتی جەماوەریی کوردییە لە هەموو بەریتانیادا و هەموو جەماوەری کوردیی لە هەموو پارچەکانی کوردستان لەدەوری کۆبۆتەوە.. هەروەها تا ئێستا لەلایەن هەموو پارت و رێکخراوەکانی کوردستانییەوە پاڵپشتی کراوە یان بەلای کەمەوە هیچ لایەنێك دژی نەوەستاوە.. بۆیەکا مەڵبەند توانیویتی ئاهەنگی جەماوەریی یەکگرتوو، خۆپیشاندانی یەکگرتوو- و لەدواییشدا میهرەجانێکی گەورەی نەورۆزی یەکگرتوو ساز بکات. دیارە رژێمە فاشستییەکانی داگیرکەری کوردستان و نۆکەرەکانیان و دوژمنانی کوردو ناحەزانی خەباتە رەواکەی و هەموو ئەو بۆرژوا شۆڤینیستانەی هەر جۆرە یەهگرتنێکی کورد دەیان تۆقێنێ، ئەم شێوەی بوون و کاری مەڵبەندییان بەدڵ نییەو هەموو جۆرە تاکتیکێك بۆ هەڵوەشاندنەوەو سەرنەگرتنی بەکار دەهێنن. لێرەوە

ئەركی سەرشانی جەماوەری دڵسۆزی كوردە بە گشتی و پارت و رێكخراوەكانی سیاسی و جەماوەریی كوردستان بە تایبەتی كە هەست بە لێپسراویی سەرشانیان بكەن و بە سینگێكی فراوان و دووربینییەكی زانستانەوە بەتەنگ مانەوەو سەرگرتن و پێشكەوتنی ئەم تاقیكراوە دیموكراتییە گرنگەی مەڵبەندی رۆشنبیری كوردییەوە بێن و هەوڵ بدەن بیكەنە نمونەیەكی سەركەوتوی شێوەی رێكخستن و یەكخستن و هاوخەباتیی جەماوەری ئاوارەی كورد لە ئەوروپا.

پەیڤ گەرەكیەتی هاودەنگی ئەو تاقیكردنەوە سەركەوتووە بێ و لەسەر لاپەرەكانیدا بینوینێ.
ئیدی چاوەرێی سەرنج و رەخنەو هەوڵ و هاوكاری خوێندەوارانی دڵسۆزین.
بۆ پێشەوە بەرەو هاوكاری.. تێكۆشان.. سەركەوتن.